لیستی پرسیارەکانی ئینترڤیۆ لە ئیدارەی پەنابەریدا (BAMF)

1- ئایا جگە لەو زمانە یان ئەو زمانانەی پێشتر لێرە تۆمارکراون، دەتوانی بە زمانێک یان زاراوەیەکی تریش قسە بکەیت؟
2- ئایا شارۆمەندی (هاوڵاتیبوون)ی وڵاتێکی ترت هەبووە یان ئێستا هەتە؟
3- سەر بە کام نەتەوە یان گەل و هۆزێکی؟
4- ئایا دەتوانی بەڵگەنامەی باری کەسێتی، وەکوو پاسپۆرت، جێگرەوەی پاسپۆرت یان کارتی پێناسی خۆتمان پێ بدەیت؟
5- ئایا کاتێک کە لە وڵاتی خۆت بوویت بەڵگەنامەی وەکوو پاسپۆرت، جێگرەوەی پاسپۆرت یان کارتی پێناست هەبووە؟
6- هۆکاری چییە کە ناتوانی هیچ بەڵگەنامەیەکمان پێ بدەیت؟
7- ئایا ئەتوانیت هیچ بەڵگەنامەییەکی تر تایبەت بە خۆتمان پێ بدەیت (وەکوو بڕوانامە، تۆمارنامەی لەدایکبوون، کارتی سەربازی، مۆڵەتی لێخوڕین)؟
8- ئایا ڤیزا/ یان ئیقامەی کۆماری فیدراڵی ئاڵمان یان وڵاتێکی ترت هەبووە یان ئێستا هەتە؟
9- تکایە دووایین ئادرەسی فەرمی لە وڵاتی خۆتمان پێ بدە! ئایا هەتا پێش ئەوەی لە وڵاتی خۆت دەربکەویت لەو ئادرسەدا ژیاویت؟ ئەگەر نا دواجار لە کوێ ژیاویت؟
10- تکایە ناو و ناسناو، ناوی پێشوو، ڕۆژ و شوێنی لەدایکبوونی هاوژینەکەت و ڕۆژ و شوێنی مارەبڕینەکەتانمان پێ بڵێ! ئایا ئەتوانن لەوبوارەدا هیچ بەڵگەیەکمان نیشان بدەن یان دواتر بۆمانی بێنن؟
11- ئێستا هاوژینەکەت لە کوێ دەژیت، ئادرسەکەی چییە (ئەگەر هاوژینەکەت چیتر لە وڵاتی خۆتاندا ناژیت تکایە دوایین ئادرسی لە وڵاتی خۆتان و ئادرسی ئێستای بڵێ)؟
12- ئایا منداڵتان هەیە؟ (تکایە ناو، ناسناو، ڕۆژ و شوێنی لەدایکبوونی هەرهەموویان بدە، تەنانەت ئەوانەش کە سەرووی هەژدە ساڵن)؟ ئایا ئەتوانی بەڵگەیەکمان لەم بوارەدا پێ بدەیت یان دواتر بۆمانی بێنیت؟
13- ئادرەس و شوێنی نیشتەجێبوونیان لە کوێیە؟ (ئەگەر منداڵەکان لە وڵاتی خۆتان نەماون، تکایە ئاخرین ئادرەسی ئەوکاتەی کە لە وڵاتی خۆتان بوونە و ئادرەس و شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستایان بدە) ئایا ئەتوانی بەڵگەیەکمان لەم بوارەدا پێ بدەیت یان دواتر بۆمانی بێنیت؟
14- تکایە ناو، ناسناو و ئادرەس و شوێنی نیشتەجێبوونی دایک و باوکت بڵێ!
15- ئایا خۆشک و برا، داپیر و باپیر، خاڵ و مام، پوورت هەیە کە لە دەرەوەی وڵاتی خۆتان بژین؟
16- چ خزم و کەسوکارێکت هێشتا لە وڵاتی خۆتاندا ئەژین؟
17- ناو و ناسناوی باپیرت، واتە باوکی باوکت چییە؟
18- تا چ ئاستێک چوویەتە قوتابخانە یان زانکۆ؟
19- چ کار و ئیشێک فێربوویت و لە چ بوارێکدا کارت کردووە؟ دواهەمین جار لای کێ یان لە کوێ کارت کردووە؟ ئایا کار و کەسابەتی خۆتت هەبووە؟
20- چوویتە سەربازی؟
21- ئایا هیچکات پێش ئەمە لە کۆماری فیدراڵی ئاڵماندا بوویت؟
22- ئایا پێش ئەمە لە هیچ وڵاتێکی تردا داوای پەنابەریت داوە یان داوای پەنابەرییەکەت پەسندکراوە (قەبوڵیت گرتووە)؟
23- ئایا بۆ هیچکام لە ئەندامانی بنەماڵەکەت پێشتر لە وڵاتێکی تردا داوای پەنابەری کراوە یان پەنابەرییان وەرگرتووە؟ ئەو کەسانە لەو وڵاتەدا بە شێوەی یاساییدا ئەژین؟
24- ئایا لە هیچ وڵاتێکی تردا پرۆسەیەکی تایبەت دژی داوای پەنابەرییەکەت هێشتا لە بواری لێکۆڵینەوەدا ماوە؟
25- تکایە باسی ئەوەم بۆ بکە چۆن و کەی هاتوویەتە ئاڵمان، لەو بوارەدا تکایە بڵێ کەی و بە چ شێوازێک وڵاتی خۆت جێهێشتووە، بە چ وڵاتانێکدا تێپەڕیوی تا گەیشتوویەتە ئێرە و چۆن توانیت بێیتە ناو ئاڵمانەوە؟

SORANI (KURDISCH)

ئیستا بۆ ئەوکەسەی داواکاریی پەنابەری ئەکات ڕوون دەکرێتەوە کە ئالێرەدا سەبارەت بە هۆکارەکانی پەنابەربوونی و ئەو بەسەرهاتەی بووەتە هۆی ئەوەی بەشوێنیدا بن، ئینترڤیۆ دەکرێت. داوای لێ دەکرێت باسی ئەو هۆکارانە بکات کە دەبنە هۆی ئەوەی لە بواری سیاسیدا بەشوێنیدا بن.

سەرچاوە: پرۆتۆکۆڵی ئینترڤیۆی داواکاری پەنابەری